# منداڵان لەخزمەتی حیزبدا!



## ئارەزوو نوری

بە مەبەستی خزمەت گەیاندن بەمنداڵو هێنانەدیی خەونو ئاواتەکانیان, دەکرێ بەهەموو شێوەیەك گوێڕایەڵیان بىنو بیر لەئاسوودەییان بکەینەوە, بۆ ئەوەی وەکو بوونەوەرێکی پاکو بێگەرد هەست بە بوونی خۆیان بکەن, چونکە هەمیشە دەستەبەرکردنی مافەکانی منداڵ, مانای بوونی ئەوان دەسەلمێنێت, بەڵام بەداخەوە لەم کۆمەڵگەیەی ئێمەدا مافی منداڵان پێشێلکراوە, لەبری گوێدانو هاندانیان بە تەواوکردنی خوێندنو گوێگرتن لە بیروڕاکانیان, زۆرێك لە مندالانیان کردووە بەکاڵایەك بۆ سوودگەیاندن بەخۆیانو بەهەموو شێوەیەکیش خزمەتیان پێدەکەن, بە سواڵکردنو بەنزین فرۆشتنو دەستگێڕیی سەرشەقامەکانو دەیان حاڵەتی تر کە کاری منداڵان نیەو بەرەو هەڵدێرو کاری خەتەرناکیان دەبات, بگرە هەر شارێکی ئەم وواڵتە شەقامەکانی پڕبوونە لەو جۆرە حاڵەتانە, زۆرێك لەمنداڵانیش هەن بێ کەسو بێ سەرپەرشتیار کەوتوونو کەسێك نییە خەمخۆریان بێتو ئاوڕێکیان لێبداتەوە, دووریش نییە تیرۆریستان فریویان بدەنو بۆ کارە نەشیاوەکانی خۆیان وەك سووتەمەنی بەکاریان بهێنن, ئەوەی حیزبو منداڵپارێزی کوردستانیش بیری لێدەکەنەوە تەنها ئاهەنگ گێڕانەو هیچی تر, حیزبەکان ئاهەنگ دەگێڕنو منداڵانیش دەبردرێن بۆ ئەوەی لەئاهەنگەکاندا خزمەتیان بکەن, بە باڵایانو بە حیزبەکانیان شیعرو گۆرانی بچڕنو پیایاندا هەڵدەن, هەر لایەنەو زوو دەستپێشخەری دەکات بۆ ئەوەی منداڵەکان خزمەت بەحیزبەکەی ئەوان بکەن.

لە 6/1دا دوو بۆنەمان لەپێشە کە بۆنەیەکیان جەژنی جیهانی منداڵانەو بۆنەیەکیشیان ساڵیادی"ی.ن.ك"ە, بەڵام لەعێراقو بەتایبەتی لەکوردستاندا, هێندەی بەرەوپیری ئاهەنگەکان دەچن ئەوەندە بیر لە ئاسودەییو داهاتووی منداڵان ناکەنەوە, "ی.ن.ك" لەبری ئەوەی لەو رۆژەدا پێشنیازی چارەسەری کێشەیەکی منداڵان بکاتو ژیانێکی بێ مەترسیو دوور لەتیرۆریان بۆ دابین بکات, یاخود سەر شەقامەکانی نێو وڵاتەکەی بەسەر بکاتەوەو بزانێت چ کارەساتێك تووشی منداڵان بووە, چییان پێ دەکرێتو بۆچی بەکاردەهێنرێن, هەموو کەرتە رێکخستنەکانی "ی.ن.ك" تەنانەت لە وڵاتانی دەرەوەش سەرقاڵی خۆ ئامادەکردنن بۆ ئاهەنگ گێڕانو ئیتر بیریان لەوە نەکردووەتەوە ئەو ئاهەنگانە چەندێك پارەی تێدا خەرج دەکرێت, بەڵکو تەنها خەمیان ئەوەیە کام ئاهەنگ لەکامیان جوانترو بەپێزتر بەرێوەدەچێتو مانگێکی تەواویان بۆ ساڵیادە تەرخان کردووەو خەمیانە چۆنو بەچ جۆرێك ئاهەنگەکان بگێڕن, کەناڵەکانی سەر بە "ی.ن.ك"یش, سەرقاڵی بانگەوازو لەسەر یەك ریپۆرتاژکردنن بەنێو خەڵکیدا بۆ ساڵیادەو بیریان چوو کە ئەو رۆژە جەژنی جیهانی منداڵانیشەو بیرێکیش لەوان بکەنەوە, ئاورێك لە هەتیوو بێ نازەکانی سەر شەقامەکان بدەنەوەو هەوڵی چارەسەرێکیان بۆ بدەن, ئەو بڕە پارەیەی بۆ شەڕە سەرچۆپیەك خەرج دەکرێت چارەسەری کێشەیەکی منداڵانی وڵاتەکەیانی پێ بکەن. پێشنیازی داڵدەیەکیان بۆ بکەنو لەسەر شەقامو کووچەو کۆڵانەکان نەیانهێڵن, بەڵام بەداخەوە بۆ حیزبو حکومەت کە تەنانەت خۆشیان دایكو باوکنو تەنها بیریان لای ئاهەنگەکانەو هیچی تر, وابزانم "ی.ن.ك" پێویستی بەوە نیەو خۆی لەخۆیدا بەخەباتەکەیەوە یادێکەو زۆر لەخەڵکی کوردستان شانازی پێوە دەکەن, بەڵام گەر لە رۆژانی تر منداڵانتان فەرامۆش کردووە لانی کەم لەو رۆژەدا ئاورێکیان لێبدەنەوە تاوەکو وەکو منداڵانی وڵاتانی تر هەست بەبوونی خۆیان بکەن, با 6/1 هەر بۆ منداڵەکان بمێنێتەوە, یاخود "مام جەلال" سکرتێری گشتی "ی.ن.ك", وەك سەرۆکی وڵاتێکی دیموکرات, بە حیزبەکەی خۆی بڵێت با لەبری ئەو ئاهەنگە چارەسەرێکی کێشەکانی تر بکەین, هێندەی خەرجی بۆ ئەو ئاهەنگانە

دەکرێت با لە هۆڵێکدا منداڵەکان کۆبکەینەوەو گوێیان لێ بگرین, پێدەچێ ئەوان خەونی جوانتریان هەبێ, ئەو منداڵە بێ باوکو بێ سەرپەرشتانەی سەر شەقامەکانیش, ئاورێکیان لێبدەینەوەو وانەی ژیانیان پێ بلێینەوە..

(ئەی زمانی پڕ لە دیموکراسیەتو ئەو کەسەی بۆ ئازادی تاکە کەسو جوانی, خەبات دەکەی—مام جەلال—, دەکرێ لە منداڵەکانەوە دەست پێبکەیتو قسە بۆ ئەوان بکەی چونکە ئەمڕۆ ئەوان دەتوانن گوێت لێ بگرنو ببنە نەوەی دوا ڕۆژی خەون ئاواتەکانی تۆو هەموو کوردێکی بەشەرەف بهێننەدی, نەك بۆ ئەو کەسانە بدوێیت کە تا دوێنێ لە جەنگدا بونو ئێستاش بۆنی شەڕی برا کوژیان لێ دێو بوونەتە هۆی هەتیوکردنی هەزاران منداڵی ئەم گەلە).

لەکۆتاییدا دەڵێم ئاهەنگ گێڕان هەر یەك ڕۆژەو بەسەر دەچێ بەڵام منداڵەکانیشتان بیرنەچێو کارێکی وا بکەن ساڵانە یادی بکرێتەوە, (شەڕە چۆپیو ئاهەنگ هیچ سودێك بە وڵاتەکەتان نابەخشێت کاربەدەستان).